# پایزە عەشق

بەناز کوێستانی



سەرم لەسەر سنگت داناوە

گوێم لەترپەی لێدانی دڵتە

ترپەیەك بۆ ناختو

ترپەیەك بۆ گوێچکەی من

بزەیەك بۆ منو

بزەیەك بۆگەڵا هەڵوەریوەکانی پایز

ئاخر من چی بکەم

لەنێوان تۆو پایزدا

کەبەدڵ عاشقی هەردووکتانم

چاوێکم بۆ گەڵاوو گوڵی رەنگ زەرد

چاوەکەی ترم بۆ چاوە پایزییەکانی تۆ

دەستێکم بۆ کۆکردنەوەی گەڵای سەر شەقامەکانو

دەستەکەی ترم

بۆ کۆکردنەوەی  ترپەی دڵی تۆ

لەگەڵ هەڵوەرینی هەر گەڵایەکدا

گوێم لەترپەی دڵتە

لەگەڵ بۆنکردنی هەر گوڵێکی پایزیدا

هەست بەبەرکەوتنی هەناسەت دەکەم

ئای خوادایە

لەئەدگارەکانت چەند جوانن

پیاوێکت کتو مت لەپایز دروست کردووە

***

لەسەرەتای هاتنی پایزدا

لەسەری کۆلانەکەمانەوە

چاو دەگێڕم

بۆ ئەو دارانەی کەقژی خۆیان دەڕننەوە

بۆ ئەو دار بیانەی کە ورد ورد

گەڵا وردیلانەکانیان بەزەردی دەوەرێنن

لەدوورەوە

هەست بەگەرمی هەناسەو

بەرەنگی چاوە پایزییەکانت دەکەم

ئای خودایە

ئەم مرۆڤەو ئەم رەنگی پایزە

چەند بەیەکتر دەچن

ئەم هەناسەی پایزەو

بۆنی یەکەم بارانی پایز بەخۆڵەوە

چەند لەیەکتر دەچن

***

ئەو بەمن دەڵێت:

تۆ لەبەهار دەچیت

منیش بەئەو دەڵێم:

تۆ لەپایز دەچیت

ئەی بۆ لەیەکتر نەچین..؟؟

من بەهاران گوڵی نێرگزو گوڵاڵەی

بەچەپك بۆ دەهێنم

ئەویش پایز

گەڵای زەردو بۆنی خۆڵو بارانم

بۆ دەهێنێ

من لەمێژە

عاشقی چقڵە زەردەکانی پێدەشت بووم

عاشقی تەڕی بەهارو تەڕی چاوی دایکم بووم

زۆر دەمێکە عاشقی بەرزی دوندو لاریێو

خۆرئاوابوونی گوندێکی

بێ کارەباو ئاو بووم

لەمێژە وەك شوانکاریەك ئێواران لەگەڵ مێگەڵەکەمدا

بەبزنە ڕێو تۆڵە ڕێگاکاندا

بەئاوازی نەرمە شمشاڵێکەوە

روەوە ئاوای دەگەڕێمەوە

تۆش لەبانێژەکەتانەوە چاودەگێڕی

بۆ هاتنی وەرزی بەهار

عاشقی کەروێشکەی گوڵەگەنمم لەئێوارانیدا
کەلەدوورەوە خشپەی گەنمو
دەنگی ئاوازی باڵدارێکی نامۆ دەگاتە گوێم
وەك خشپەی کشانت لەتاریکی نیوەشەودا
چەند جوانە کەلەدوورەوە
بریسکەی ئوتومبیلێك بەرەو دێ دێتو
هەواڵو بۆنی پایزو رەنگی پایزی پێیە
بۆ من
لەتورەیەکی بۆردا
بۆنی یەکەمین بارانی خۆڵاوی بۆ هێناوم
لەپریاسکەیەکی گوڵ گوڵیشدا
مشتێك گەڵای زەرد هەڵگەڕاوی پایزی بۆ هێناوم
لەگەڵ بۆنکردنی بارانو بینینی گەڵادا
رەنگم وەك رەنگی گوڵاڵەی بەهار
گەشایەوە
لەنیگای چاوەکانیدا تێگەیشتم
کەرێبوارێکی خێرا گوزەرم
پایز عەشقێکی نەمرەو
منیش بەهارێکی تەمەن کورت